# تاهه ردووکمان نه بینه یه ك

کاتێك له مرۆڤ ده روانم
داخێك دڵم ئه سوتێنێ و
ژانێك له شم ئازارده دا
کاتێك له مێژووش ڕامێنم
تاوانێکی هێنده قورس
ده خزێته ناوهه نگاوه کان
شلیان ده کاو
نیوه ی هێزم لێ ده ستێنێ

کاتێك چاویش ده که مه وه
شه پۆلێکی یه کجارنزمی تاووله رزه
ته وژمێکی هێنده توندی
پشوبڕم بۆده نێرێ
که ناتوانم له وه ڵاما
هه رواساده وساکاربێژم
رۆژگارێکی یه کجارتوشه و
شه وگارێکی یه کجارتاره و
شه وه زه نگێکی بێ سنور
هێرش ده کاته ناوقورگ وبینه قاقاو
کپی ده کاوده ڵێ گێژم

هه مووجیهان ئاگاداره
به ڵام ڵاڵ وکه ڕوکوێرن
خۆده بوێرن
ئه وئازاره په نگ خواردووه
نه وای ده نگی
نیوه ی کۆمه ڵ دێڵێنه وه و
به بارته قای ئه ونیوه یه ش
گه راده کاله ناومێشك و
له ناوچێژم

بۆچی گێژی ئه ی پیاومه زن؟!!!
ئه ی مرۆڤی خۆبه زل زان
بۆچ نازانی نیوه ی کۆمه ڵ
له وه تاهه ن
ژێرده سته ن وبه هه زاران
بێت وباوونێونیتکه وپاساوکاری
ناوته ورات وناوئینجیل و
ناوقورحان وچه وسێنه وی مێشك ویشك وئه وانی تر
ده یان کوژن وکه م تاکورتیش هه رناوێژن
هه ررۆژه یه له گۆشه یه ك
هه رکاته یه به شێوه یه ك
ده یان خه نه ژێر مه نگه نه ی
ده ردوژان وچه وسانه وه و
بردباران وهه ڵواسین وته وه ره ی تر
بۆوه ی پیاوسالاری نزمی
خڵته ی زاتیان
به پارێزن

ئێوه ش ئه ی چاوگه کانی ژان
ئێوه ش ئه ی نیوه ی له ش وگیان
ئێوه ش ئه ی ده ریای کپ ومه نگ
ئێوه ش ئه ی ئۆردووی ده نگ وره نگ
تاهه ردووکمان نه بینه یه ك
تاهه ردووکمان ڕانه په رین
تاهه ردووکمان ده ست له ناوده ست
دژی سه رمایه داری په ست
پیاوسالاری نه روخێنین
ره گ وریشه ی نه سوتێنین
چۆن سه ربه ستی وه ده ست دێنین؟
چۆن کۆت وبه نده پچرێنین؟

کاتێك دیارده ی هه ڵاواردن
له ژێر ته وژمی دوولایه

ئاسه وارى ريشه كێش بووو
وردو هاژى كردسه رمايه
ئه وجارئێمه ش بۆيه كسانى
ده بينه يه ك بێ جياوازى
هه نگاهه نگاوده چينه پێش
به قه ديه ك وهاوته رازى

ئه وكاته يه كه ژن وپياو
له رسته يه ك دادێنه وه
هه ردووك بۆمه بست وكارێك
ئه وسرووده ده ڵێنه وه
ئێمه ى كرێكارى ژن وپياو،جياله زه نجيرى ده س وپێ
گه ررٍاپه رين بۆرزگارين،چى ديكه ن له ده س ده رده چێ؟
چى ديكه ن له ده س ده رده چێ؟
چى ديكه ن له ده س ده رده چێ؟

ژاكاو يوته بورى
١٨،٢،٢٠٨